# شەڕ: هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتی کوردیی

نووسینی: پێر یۆنسۆن    وەرگێرانی: کاوە ئەمین

**کوردەکان ساڵە زێرینەکانی خۆیان بەسەردەبەن، گالتەئامێزانەیە ئەگەر بڵێم ڕوخانی سەددام حسێن زەربەیەکی کوشندەیە لە کورد دەکەوێت. کاتێک باکووری شاری موسڵ بەجێدەهێڵیت و سنووری بەینی کورد و عەرەب دەبەزێنیت کە بەئاستەم جیادەکرێتەوە، وەکو ئەوە وایە کە بچیتە دنیایەکی تروە. لێرە، لە جیاتی ئاڵای عێراقی، ئاڵایی سەوز و زەرد دەشەکێنەوە. جادەکان لەلایەن پێشمەرگەوە چاودێری دەکرێن. لەجیاتی وێنەکانی سەددام، لافیتە و پەیکەری سەرۆکی ئەفسانەیی کورد مستەفا بارزانی دەبینرێن.**

**لێرە دیناری ئاسایی (مەبەست لە تەزویرە) عێراقی ناخوات، بەڵکو لەجیاتی ئەوە دیناری چاپی سویسری دەخوات، کە سەدان جار لە پارەکەی عێراق بە نرخترە. لێرە دەتوانیت سەیری تەلەفزیونی کوردی و کەناڵە بیانیەکان بکەیت لە ڕێگای ساتەلیتەوە (لە عێراق سەتەلیت قەدەغەیە و وەکو تاوانکردن وایە کە جەزایی دوورودرێژی بەدواوەیە) . ئێستا لێرە دەریایەک لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەبینرێت، لە خوێندنگاکاندا مێژووی کورد لەجیاتی مێژووی عێراق دەخوێندرێت (نازانم نووسەر ئەمەی لەکوێوە هێناوە و تاچ ڕادەیەک ڕاستە. و) کە لە چاپخانە ناوچەیەکانی ئەوێ چاپدەکرێن.**

**بەڕەسمی واتە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی دەوترێت "باکووری عێراق". بەڵام کاتێک من چەند ساڵێک لەمەوبەر سەردانی ئەم ناوچەیەم کرد و دەستەواژەی "باکووری عێراقم" بەکارهێنا لەگەڵ مام جەلال سەرۆکی یەکیەتی، قسەکەی پێ بڕیم و وتی ئێمە ڕەپوراست بەم ناوچەیە دەڵێین کوردستان.**

**دەتوانین لەدوو خاڵدا هۆی بەدەستخستنی ئەم حوکومرانیە کوردیە ناوازەیە چڕ بکەینەوە کە لەو سێ پارێزگایە پێکهاتووە کە دانیشتوانەکەی سێ ملیۆن و نیو تا چوار ملیون دەبێت:**

- **ناوچەی دژەفڕینی سەروی خەتی ٣٦ کەلەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە کە لەساڵی ١٩٩١ وە پارێزگاری لێ دەکرێت.**

- **ئەوەی پێیدەڵێن پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکانی "نەوت بە خۆراک" کە لەساڵی ١٩٩٦ وە بەردەوامە، کاریگەری ئەمبارگۆی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەسەر خەڵکی سڤیل کەمترکردۆتەوە. لێرە نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی بەرنامەکە دەکات نەک عێراق، کە بڕی % ١٣ پارەی ئەو نەوتەیە کە عێراق بۆی هەیە بیفرۆشێت. بەم شێوەیە لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا نزیکەی سێ (٣) ملیارد دۆلار لەم ناوچەیدا سەررفکراوە بۆ کاروباری بیناسازی و کارەبا، خوێندنگا و تەندروستی و کەمپی ئاوارەکان.**

**لەڕاستیدا ئەوە جاری یەکەمە کە نەوتی ئەو وڵاتە بەو ڕادەیە بەکاردەهێنرێت بۆ پێشخستنی ناوچە کوردیەکان.**

**ئەم سێ پارێزگایە لەگەلێ ڕووەوە وەکو "دەوڵەتێکی کوردی" وان، کە لەزۆر ڕووەوە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عێراق باشترە: خاکی خۆیانیان هەیە، پارەی خۆیان هەیە، هێزی بەرگری خۆیان هەیە کە پێکهاتووە لە (پەنجا هەزار پێشمەرگە) ، کرین وفرۆشتنی خاریجی هەم لەڕێگای (نەتەویەکگترووەکانەوە و هەم لەڕێگای فرۆشتنی نەت بە قاچاخ بە تورکیا) ، زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، لەڕاستیدا ساڵانی زێرینە بۆیان هەرهیچ نەبێت لەدیدێکی کوردانەوە.**

**ئێستا ئەم دەسەڵاتە لەژێر هەڕەشەی نوێدایە، ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەم هەڕەشانە گرێدراون بە ڕوخانی ڕژێمەوە، جا لەلایەن ئەمریکاوە بێت، یاخود هێزەناوخۆیەکان یانیش سەددام خۆی دەسەڵات بەجێ بهێڵێ. ڕەنگە لەهەمووی ترسناکتر ئەوەبێت کە ڕژێمی عێراق کۆمەڵکوژیەکی نوێ بەدژی کەمینەی کورد دەستپێبکات، لەشێوەی ئەوەی کە سەددام و ئامۆزاکەی عەلی حەسەن مەجید لەسەردەمی شەری عێراق و ئێراندا بەرانبەر کورد کردیان لە ساڵانی هەشتادا. هەروەها ئەو کاتەی کە کوردەکان گەورەترین سەرهەڵدانی خۆیان کرد لەکاتی شەڕی کوێتدا. بەتایبەتی کارێکی کوشندە دەبێت ئەگەر سەربازانی ئەمریکا لە ڕێگای تورکیاوە و لە پارێزگا کوردیەکانەوە بێنە پێشەوە، ئەگەر هەزارەها ئاوەری کورد ڕێگا باریکەکان بگرن ئەو کاتە تانکەکانی ئەمریکا زۆر زەحمەت دەبێت بۆیان کە پێشەڕەوی بکەن.**

لێرەوە هێزەکانی سەددام حسێن دەتوانن لەلایەن گرووپی کوردی ئەنساری ئیسلامەوە پشتیوانی بکرێن، کە لە ئەیلولی ٢٠٠١ دا نزیکەی ٢٠٠ ئەندامی یەکیەتیان سەربڕی لە بۆسەیەکدا. لەدوای ئەوەوە ئەم گرووپە بە ئاگاداری ڕژێمی عێراق لەدەوروبەری شاری هەڵەبجە سەنگەریانگرتووە. ئەو شارەی کەلەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە بۆمبارانی کیمیاوی کراو پێنج هەزار کەسیان کوشت.

خۆ ئەگەر ڕژێمی عێراق بەبێ شەڕ گۆڕدرا و دەستنیشانی ئایندەیەکی باش بۆعێراق بەگشتی بکرێت، ئەوا ئەو حوکومەتە کوردیە دوچاری دەردەسەری دێت. باری ئابووری ناوچەکە لاوازتر دەبێت لەگەڵ کۆتایی هاتنی پرۆگرامی "نەوت بە خۆراک" هەروەک فرۆشتنی نەوت بەقاچاخ بۆ تورکیا. بەهاتنی ڕژێمێک کەلەلایەن ئەمریکا (ڕەنگە نەتەوەیەگرتووەکانیش) وە دانی پێدابنرێت، بە تەئکید ناوچەی دژوەفرین کۆتای پدێت. هەمانکات بۆ کوردەکان سەخت دەبێت کە بتوانن قەناعەت بە ڕژێمی تازەبکەن کە ئەو هێزە زۆرەی پێشمەرگە کە هەیانە بهێڵنەوە، بەبێ ئەوەی کە بەغداد دەسەڵاتی هەبێت بەسەریاندا.

بۆ ئەوەی بتوانن بە سیاسەتێکی بەهێزەوە ڕووبەرووی ڕژێمی عێراق ببنەوە لەناوچە کوردیەکانەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت هەردوو هێزی گەورەی کوردی پارتی و یەکیەتی ناکۆکیە مێژووییەکانیان وەلا ناوە. لە پایزی ڕابردوودا هەردوولا لەسەر پرۆژەی فیدرالی داهاتووی عێراق ڕێککەوتن " دەوڵەتێکی فیدرالی کورد وعەرەب"، ئەمەش لەسەر بنچینەی ئێتنیکی پارێزگا کوردیەکان کە دەسەڵاتێکی زیاتری مەدەنیان پێ بدرێت، پەرلەمانی خۆیان هەبێت، ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان، ڕێخستنی دەسەڵاتی خۆجێیی و دامودەستگای دەرەکی سەربەخۆیان.

دەکرێت وەکو کردەویەکی مەعقوڵانە سەیر بکرێت، بەتایبەتی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ئێستا باسی ئەوەدەکەن کە ئەوان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان ناوێت، بەڵام زۆر لە عێراقیەکان و دراوسێکانیان وەکو تورکیا وئێران، گومانیان هەیە کە دەوڵەتێکی فیدراڵی هەنگاوی یەکەمە بۆ سەربەخۆیی. لەهەمووشی خراپتر (لەچاوی ئەو وڵاتانەوە) ئەوەیە کە ئەمە بەنۆرەی خۆی هەنگاوی یەکەمە بۆ دەوڵەتێکی کوردی بۆ هەموو کوردەکان کە ژمارەیان ٢٥ ملیۆن[1] دەبێت. زۆرەبەیان (مەبەست لەو وڵاتانەیە کە کوردیان دابەشکردووە) وەکو پرۆژەی سەهیۆنیەکان چاوی لێدەکەن، ئەو کاتەی کە (داڤید بێن-گورین) ٧٥ ساڵ لەمەوپێش ڕازی بوو بە بەشێکی بچووکی فەلەستین وەکو

" وڵاتی جولەکە"، ئەوەبوو چارەکە سەدەیەک دوایی ئەوە بووە هۆی دامەزراندی دەوڵەتی ئیسرایل کە ٧٨ دەرسەدی فەلەستین لەخۆی گرت و چەند دەیەیەک لەوەودوا هەموو فەلەستینی گرتەوە.[٢]

ئەم گومانانە زیاتر بەرجەستە دەبن کاتێک پارتی و یەکیەتی بەڕەسمی نەخشەی ناوچە کوردیەکانیان دەستنیشان کردووە کە دوو قاتی ئەو ناوچەیەیە کە ئێستا لەژێر دەستیاندایە و تیایدا بیریان لێکردۆتەوە کە شاری دەوڵەمەندی کەرکوک بەنەوت ببێت بە "پایتەختی کوردستان". ئەوان ئەوە وەک بەهانە دێننەوە کە دەیانەوێت سنووری "ناوچە کوردیە سەرەکیەکان" دەستنیشان بکەن. ، ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە سنوورە کوردیەکانی ئێران و تورکیا و سوریاش بدرێتە دەم.[٣]

سەبەبێکی تر کە کوردەکان دەستنیشانی دەکەن بۆ ئەوەی کە سنوورە کوردیەکان زیاترە لەوەی کە ئەوان دەسەڵاتیان بەسەردا هەیە، کە ڕژێمی عێراق پێش سەددام و دوایی ئەویش دەستیانکردووە بە تەعریب[٤] کردنی

---

[1] ئەورووپیەکان هیچ کاتێک ژمارەی دروستی گەلی کورد ناڵێن، بەئارەزوی خۆیان بە ١٨ ملیون تا ٢٥ ملیونی دەقەبڵێنن، لەکاتێکدا ژمارەی کورد لە ٤٠ ملیون زیاتر دەبێت، تەنها لە ئەورووپا بەقسەی ڕۆژنامەی (ئازادیا وڵات) ملیونێک و چوار سەد هەزار کەس دەژین. وەرگێر

[2] لێرەدا کاکی ڕۆژنامە نووس هەم لەناڵ دەدات و هەم لەبزمار، ئاخر زۆربەی جولەکەکان لە وڵاتانی تروە کۆچیان کرد بۆ ئیسرایل و فەلەستین، بەڵام بە پێچەوانەوە کورد لەسەر خاکی خۆی ژیاوە و عەرەب و تورک و فارس بەزۆر کوردیان دەرکردووە و لەسەر ماڵ وموڵکی ئەوان نیشتەجێ بوون، هەڵبەت بە ئیجازەی کۆمۆنیست و دیموکراتخوازەکانی کورد، نەوەک ئەم بۆ چوونە بخەنە خانەی بیروبۆچوونی "ناسیونالزمی سەرەتایی" و دژی بەشەر.

[3] واتە کاکی ڕۆژنامە نووسیش پێی ڕاست نییە، کەمێک دودڵ و قەلەقیشە.

[4] نووسەر وشەی تەعریب بەکارناهێنێ، بەڵام مەبەست ئەوەیە.

ناوچەکوردیەکان، یەک ملیۆن کورد ناچارکراون کە شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن و بە عەرەبی سونی مەزهەب جێگاکانیان پڕکراوەتەوە و پاداشتی ئابووریان پێدراوە. دواترین پرۆژەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەلایەن سەددامەوە ئەوەیە کە لەساڵی ١٩٩٩ هەتا ساڵی ٢٠٠١ کوردەکانی کەرکوک و نواچەکانی موسڵ ناچار کراون کە ناوی خۆیان بگۆرن بەعەرەب، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەرکار وماڵوموڵکیان بمێننەوە. بەگوێرەی ژمارەی ڕەسمی بەغداد سیاسەتی"بەعەرەب کردن" بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە کەرکوک لەساڵی ١٩٥٠ کە ٥٤ دەرسەدوە، کەم بکرێتەوە بۆ ٢٥ دەرسەد، ئەمە لەکاتێکدا کە ژمارەی عەرەب لەهەمان ماوەدا لە ١٠ دەرسەدەوە بەرزبۆتەوە بۆ ٥٠ دەرسەد لەو ناوچانە. دانیشتووانی تری عێراق هیچ کاتێک ڕازیی نابن بە هێنانەوەی ئەو سەبەبانە بۆ ئەوەی دەسەڵاتیی کوردی ناوچە نەوتیەکانی کەرکوک بگرێتەوە. بەپێچەوانەوە کوردەکان هەم لەلای عەرەبی سونی و هەمیش عەرەبی شیعەوە وەکو تابووری پێنجەم سەیریان دەکرێت دوای ئەوەی کە پارتی و یەکیەتی دەیان ساڵە یارمەتی سەربازییان لە ئێران، جا چ لەسەردەمی شا بێت یان خومەینی، وەرگرتووە، ڕێگایان بە سوپای ئێران داوە کە لەناوچەکانی ئەوانەوە ئازادانە هێرشبکەنە سەر عێراق.[5]

مەترسی ئەوە هەیە کە "ساڵە زێرینیەکانی کوردەکان" نەتوانێت بەردەوام بێت دوای ڕوخانی سەددام، بەهۆی ئەو ئەو جەوەیی کە لەناو باقی عێراقیەکانی تردا هەیە.[6]

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. . . . . لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پاریزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت. . . . . . . . . . ١٥-١-٢٠٠٣

[5] نووسەر باسی ئەوە ناکات کە شیعەکانی عێراق خۆشیان لەم چالاکیانەدا بەشداریان کردووە، ئەوە نیە (مەجلسی ئەعلای شورای ئیسلامی) تا ئێستاش لە ئێران دایان کوتاوە و خەو بە نەجەف و کەربەلاوە دەبینن.

[6] لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژنامە نووسە لەم خاڵەدا زۆر جوان بۆ مەسەلەکە چووە، چوونکە پێ ناچێت حکومەتی داهاتووی عێراق و عەرەبی عێراق هەروا بە سانایی دانبنێن بە دەسەڵاتی کوردیدا، ئەوە نیە هێشتا هیچ نەبوو کەنعان مەکیە و چەلەبی و مەلەبی شێوەی قسەکردنیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە لەمەڕ فیدرالی.